لە چەند کاتژمێری داهاتودا هەنارەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بڕیارەوە بۆ بەندەری جەیهان دەستپێدەکاتەوە.

وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند، لە چەند کاتژمێری داهاتودا هەنارەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بڕیارەوە بۆ بەندەری جەیهان دەستپێدەکاتەوە.

حەیان عەبدولغەنی، جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوت لە ڕاگەیەندراوەکدا باسی لەوەکردوە، ئەمڕۆ هەینی سەردانی بەندەری خەزر زوبێیر-ی کردوە بۆ پێداچونەوە بۆ کارەکانی بەستنەوەی بڕی غاز و دنیابونەوە لە تەواوبونی کارەکانی هەنارەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لە چەند کاتژمێری داهاتودا هێنارەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای بازاڕکردنی نەوت (SOMO) لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە دەگەیەنێت.

بەپێی وتەی حەیان عەبدولغەنی، لە قۆناغی سەرەتاییدا ڕۆژانە 185 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژکدا هەنارەدە دەکرێت و دواتر بڕەکەی زیاد دەکرێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی لە یاسای

بودجه‌ی فیدبا‌ی عراقدا دیاریکراوه.